السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی نیوەڕۆدا پێشنوێژی بۆ کردن ولە دوو ڕکاتی یەکەمدا هەستایەوە، ودانەنیشت وخەڵکیش لەگەڵ ئەو هەستانەوە، هەتاوەکو کاتێک نوێژەکە تەواو بوو وخەڵکی چاوەڕوانی سەلامدانەوەی بوون، بە دانیشتەوە تەکبیرەی کرد ودوو جار سوجدەی برد پێش ئەوەی سەلام بداتەوە وپاشان سەلامی دایەوە

لە عبداللەی کوڕی بوحەینەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو، دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی نیوەڕۆدا پێشنوێژی بۆ کردن ولە دوو ڕکاتی یەکەمدا هەستایەوە، ودانەنیشت (بۆ خوێندنی تەشەهود -تەحیات-) وخەڵکیش لەگەڵ ئەو هەستانەوە، هەتاوەکو کاتێک نوێژەکە تەواو بوو وخەڵکی چاوەڕوانی سەلامدانەوەی بوون، بە دانیشتەوە تەکبیرەی کرد* ودوو جار سوجدەی برد پێش ئەوەی سەلام بداتەوە وپاشان (پاش دوو سوجدەکە) سەلامی دایەوە». *(تەکبیرەی کرد: واتە ووتی -الله أكبر-)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی نیوەڕۆدا پێشنوێژی بۆ هاوەڵان کرد، وکاتێک دوو ڕکاتی یەکەمی ئەنجامدا یەکسەر هەستایەوە ودانەنیشت بۆ خوێندنی تەشەهودی -تەحیاتی- یەکەم، ونوێژخوێنەکانیش لە پشتیەوە هەستانەوە. هەرکاتێک دوو ڕکاتەکەی تری ئەنجامدا، ودانیشت بۆ خوێندنی تەشەهود -تەحیات- وتەواوی کرد، وخەڵکی چاوەڕێ بوون بۆ ئەوەی سەلام بداتەوە، بەڵام بە دانیشتنەوە تەکبیرەی کرد و دوو سوجدەی برد وەکو سوجدە بردنی ناو نوێژ پێش ئەوەی سەلام بداتەوە، وئەم دوو سوجدەش بریتین لە (سوجدە سەهو)، وپاشان سەلامی دایەوە، وئەم (سوجدەی سەهوە) جێگای ئەو تەشەهودە -تەحیاتە- دەگرێتەوە کە لە ڕکاتی دووەمدا نەخوێندرا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3089

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee